ئەنوەر قەرەداغی

# ئاواز و هۆنراوە لە گۆرانی کوردی دا

بەشی دووەم وکۆتایی

٤ – زۆر جار ڕێکەوتووە کە شاعیرێك خولیای مۆسیقای هەبووە یان ئاوازدانەر خولیای هۆنراوە ووتنی هەبووە . . هەر یەکەیان لە خۆیاندا بەشەکەی تری تەواو کردووە . . واتە ئاوازدانەر بووەو هۆنراوەیشی بۆ خۆی داناوە . یان شاعیر بووەو ئاوازی بۆ خۆی داناوە . . لەو نموونانەش زۆر لە گۆرانی یەکانی خوالێ خۆش بوو مامۆستا (عەلی مەردان) کە خۆی هۆنراوەی بۆ بۆ ئاوازەکانی دادەنا یان هەندێ لە گۆرانیەکان (خالد دلێر) کە خۆی هۆنراوەو ئاوازی دادەنێ ، وەك لە گۆرانی (وەی وەی)دا بەدی دەکرێ کە گۆرانی بێژ (عەباس محەممەد) ووتوویەتی . . بەشێك لەو هۆنراوە دەڵێ . . .

وەی وەی وەی وەی
جوانێ خوا بت کا بێ وەی
دەرهەق بەدڵدارەکەت
بەسیە دڵ ڕەقی تا کەی
دەسا بهێلە بمژم لەو دەمو لێوانە
مەی . . . مەی
زۆر پەرێشانم بۆ مەی
دیدەم ڕۆحی ڕەوانم
ویردی ڕۆژو شەوانم
سەرچاوەی هەست و بیرو
ووردەکاری جوانم
بیخەمە دەستم دوو بەی
با ئاوێ بلێم ئۆخەی . . . هتد

٥ – زۆر گۆرانی کوردی هەیە لەسەر شێوازی میللی یان فۆلکلۆری ئاوازی بۆ دادەنرێ ، ئایا بۆ هۆنراوەیەکی تازە بێت یان بو هۆنراوەیەکی میللی یان فۆلکلۆری . . وەك لە گۆرانی (غەزالێ) دا ئەمەمان بۆ روون دەبێتەوە کە لە ئاوازی هونەرمەند (خالد سەرکارە)و هۆنراوەکەی هەڵبژاردەیە لە هۆنراوەی فۆلکلۆری . . بەشێك لە هۆنراوەکە دەڵێ :
غەزالێ بلێ غەزالێ بەرزو بڵندو لێو ئاڵێ



تەلەبێ لە خودا دەکەم قەدم لەقەت ئاڵێ
هاتووە لە لای وورمێیە وورمێیە وورمێیە
بارت سێوەو هەرمێیە هەرمێیە هەرمێیە
هەرمێیەکەت بۆمن بێ جا سێوکەت بۆ کێیە
وەنەوشەم دەچنی پەنجەمدا لەگوڵ
شەوگارم شەق‌کرد نەگەیم بەدڵ
جوانێ جوانێ هەی جوانێ چاورەش جوانێ
باڵا بەرز نەشمیلانێ
هەستە بچینە سەیرانێ . . هەی جوانێ جوانێ
ئەرێ هەستە بێژە لام گیانە قەد مەرۆرەوە
ئای غەمو پەژارەم دەی دەی لەبیر بەرەوە




٦ – لە زۆر لە گۆرانیە کوردیەکانماندا . . بە ئاوازێك هونراوەی دوو یان سێ شاعیر لێك دراوە . . یان هۆنراوەی شاعیرێك لەگەل هۆنراوەی میللی و فۆلکلۆریدا تێکەڵ کراون بە ئاوازێك ووتراون . واتە هۆنراوەی ئەو گۆرانیە هۆنراوەیەکی (مۆنتاج کراوە) . وەك لە گۆرانی (ئای شل)ی (مظهری خالق)دا دەبیسین هۆنراوەی بەستەکە فۆلکلۆریە بەلام هۆنراوەی مەقامی بەستەکە هۆنراوەی شاعیری مەزن خوالێ خۆش‌بوو (بێخودە) بەشێك لە هۆنراوەی ئەو بە ستەو مەقامە

دەڵی :
راستم پێ بڵێ (ئەرێ) لەچی تۆراوی
بۆچی لەسەر چی (ئەرێ) لەمن تۆراوی
ئای شلو مل شلو شێواوی
کە دەڵێی نۆ بووکی (ئەرێ) زاوا لێی داوی . . . . هتد
هۆنراوەی مەقامەکەی دەڵێ :
لەو رۆژەوە رۆیشتوە تۆراوە دڵی من
ئاخۆ بە چ شاخێکەوە گیرساوە دڵی من . . . . هتد





یان لە گۆرانی (کلپەی دەرون) کە شاعیران (کامەران موکری و کامیل ژیر) هۆنراوە کەیان داناوەو هونەرمەند (قادر دیلان) ئاوازی بۆ داناوە هۆنراوەکە دەڵێ کە سەرەتاکەی مامۆستا (کامەران موکری) دایناوە :
چاوت کەوتە نیگا رشتن
ئەی فریشتەی بەهەشتی من
لەرەو بریقەی دڵۆپی ئەسرین
لەسەر گۆناو کوڵمی نەخشین
. . هەتا کۆتایی ئەم بەشە
پاشان لەبەشی کۆتاییدا مامۆستا (کامیل ژیر) دەڵێ :
کلپەی دەروون بانگی ئازاد
هەناسەی روون هەستێکی شاد
لە شارو دێ لە ماڵو رێ
سازو ئاواز هەوێنی ناز




٧ – هەندێ هۆنراوەی گۆرانی کوردی هەلبژاردەی هۆنراوەیەکی دوورو درێژە کە بۆ گۆرانی ناگونجێ هەمووی بووترێ لەبەر ئەو دوورو درێژی‌یە . . لەبەر ئەوە ئاواز دانەر چەند بەشێك یان چەند دێرێك لەو هۆنراوە هەڵدەبژێرێت بە مەرجێ مانایەکی جوان ببەخشێ‌و لە نرخی هۆنراوەکە بەگشتی کەم نەکاو سیماو ناوەرۆکی نەگۆرێ وەك لە گۆرانی (بۆکچێکی بێگانە) لە هۆنراوەی خوا لێ خۆش بوو مامۆستا (گۆران) و ئاوازی هونەرمەند (کەریم کابان) و (ئەنوەر قەرەداغیش) ئاوازێکی تری بۆ داناوە . .

بەشێك لەو هۆنراوە دەڵێ :

زۆر ڤژی زەرد
سەرنجی راکێشاوم
زۆر چاوی شین
داویە پرشنك لە چاوم
وەك لەنجەو لار زەردەخەنە
نەغمەی دەنگ
شەرمی تاو تاو نازکردنی
رنگاو رەنگ




٨ – بەکار هێنانی هۆنراوەی تازە واتە (شیعری حور) تا ئێستە وەك پێویست لەگۆرانی کوردی‌دا جی‌ی خۆی نەگرتووەو دەتوانم بڵێم وەك پێویست بەکارنەهێنراوە ، خۆ گەر چەند نموونەیەکیش هەبێت لەم بابەتە لەگۆرانی کوردی‌دا وەك پێویست مۆرکی کوردی نەگرتووەتە خۆی . . . هۆی ئەم بەکارنەهێنانەش دەگەرێتەوە بۆ هەندێ هۆ . . لەوانەش :

أ – ساغ نەبوونەوەی رەزم و کێشی ئاوازە کوردیەکان بەشێوەیەکی زانستی لە گۆرانی کوردی‌دا .

ب – بەکارهێنانی (ئاوازی هونەری) بەشێوەیەکی کەم‌و ناتەواو .

جـ – کەمی ئاواز دانەری کوردی لەسەر شێوەیەکی زانستی بە جۆرێ شارەزاییەکی چاکیان هەبێ لە ئاواز دانانێکی هونەری .

د – ساغ نە بوونەوەی شێوازی گۆرانی تازەی کوردی ئەوەی هەیشە پتر لەسەر شێوازی میللی و فۆلکلۆرین .


ئەمانەو چەند هۆیەکی تر کە لە دەرفەتێکی تردا بە درێژی لیێان دەدوێین .

٩ – زۆر هۆنراوە هەن ئایا میللی یان فۆلکلۆری یان هۆنراوەی شاعیرە گەورەکانی کوردە بە شێوەی (مەقام) دەوترێن . وەك مەقامی (ئەڵلاوەیسی) کە بەهۆنراوەی شاعیری مەزنی کورد خواڵی خۆش بوو (مەولەوی) ووتراوە ، ئەم مەقامە مەقامێکی رەسەنی کوردە کەلەچەند رەگەزێکی مەقامی تر پێك هاتووەو شێوەیەکی تایبەتی وەرگرتووە لە ووتن دا لە هەر ناوچەیەکدا .

هەروەها گەلێك مەقامی تر کە نموونەیان زۆرەو بەدەنگی گۆرانی بێژان ووتراون وەك مەقامی ئای ئای ، خاوکەر ، حەیران ، لاوك ، هۆرە ، سیاچەمانە ، خورشیدی ، حسینی ، نیوە شەوی هتد . نموونەیەك لەو مەقامانەی کە بەتەواوی ووتراوە مەقامی (بەیات) کە مامۆستا (علی مەردان) خواڵیێ خۆش بێ ووتوویەتی بە هۆنراوەی شاعیری مەزن خواڵێ خۆش بوو (بێ کەس) . بەشێك لەو هۆنراوە دەڵێ .

ئەی مانگ من و تۆ هەردو هاو دەردین
هەردوو گرفتار یەك ئاهی سەردین
تۆ ویڵ و رەنگ زەرد بەئاسمانەوە
منیش دەربەدەر بەشارانەوە . . . هتد


پەیژەی ئەم مەقامەش بریتی یە لەم نموونەی خوارەوە








١٠ – زۆر لە گۆرانیە کوردیەکان ئایا تازە یان میللی یان فۆلکلۆری کەوتراون تائیستەش دەبینین هونراوەکەی بەسەر کچ دا ووتراوە کەچی هەرکچیش دەیڵێ یان بەپێچەوانەوە . . وەك گۆرانی (ئەرێ هۆلەیلی) لە ووتنی (نازدارو ئەسمەر فەرهاد) ووتویانە . .

بەشێك لەو هۆنراوە دەڵێ
ئەرێ هۆ لەیلی باوانم لەیلی
کوشتەی خاڵانم بۆ چ وا بێ مەیلی . . . هتد








یان گۆرانی (هەی مینە) کە بەشێکی دەڵێ . .


هەی مینە عەمرم مینە
ناسکۆڵەو نازەنینە
خڕو خۆڵ و نەرم و نۆڵ
مەر هەمی سەر برینە






١١ – لەسەر دەمانێك‌دا و تەنانەت ئێستەش زۆر جار هەندێ لە گۆرانی هۆنراوەکانی بۆ گەنج‌یان بۆ پیاوی گەورە بەکار هاتووە بەڵام منداڵ بە گۆرانی ووتویەتی هەرچەندە (بۆتەمەنی نەشیاوە) وەك گۆرانی (سۆبیەی باڵا بەرز) کە وەختی خۆی (توفیق عەلی) ووتویەتی ، سەرتای گۆرانیەکە دەڵێ :

سۆبیە باڵا بەرز هەستە بەیانە
دەم لە ناوی دەم دەستە لەملانە
یا پیرە مەگروم ماڵێ بەبەرزەوە
یارم نەکوژی بەدەم لەرزەوە . . . هتد





ئێستەش هەر زۆر لەم جۆرە گۆرانیانە بەسەر دەم منداڵانەوەیە .

١٢ – زۆر گۆرانی کوردی هەیە ناوەرۆك‌و شێوەیەکی ئاینی هەیەو ئاوازەکانی یان میللی‌یان فۆلکلۆری یان وەرگیراوە لە میللەتانی دەورو بەری کورد . .

وەك لەم ستایشە ئاینی‌یەدا دەی بینین کە هۆنراوەی شاعیری مەزن (پیرەمێردی) نەمرە .

سەرتای هۆنراوەکە دەڵێ :

ئەی پێغەمبەری شیرین کردەوە
کەعبەت لە ژەنگی بت پاك کردەوە
خوا مژدەی دایتێ بە کەیف‌و مەرام
(لتدخلن المسجد الحرام) . . . هتد




ئەم هۆنراوە بەچەند ئاوازێك ووتراوە کە هەمووی مۆرکی ئاوازی میللەتانی دەوروبەری کوردن . . نموونەی ئاوازی دووەمیش ئەمەیە . . .



١٣ – زۆری گۆرانیە میللیەکانو فۆلکلۆریەکان هۆنراوەکانی پچڕانی (لە رووی ماناوە) تیادایە ، بەوەی هەر دێڕەی پەیوەندی لەگەڵ دێڕی دوای خۆیدا دەپچڕێ . . بەڵام سەرتای گۆرانیەکە هۆنراوەکەی وەك خۆیتیو ناگۆڕیو هەر بەم سەرەتایەش دەناسرێتەوە ، وەك گۆرانی (بۆ تۆرت کرد)

سەرەتای هۆنراوەکەی دەڵێ :
بۆ تۆرت کرد بۆ تۆ ریای
هۆ کچە لەسەر چی تۆریای . . . هتد



یان وەك گۆرانی (کوێستانان خاڵ خاڵ) کە بەشێك لە هۆنراوەکەی دەڵێ :
کوێستانان خاڵ خاڵ
بەفری ناچێتو
قیبلەم تۆراوە
ئاشتی نایێتو

ئەم سەرەتایە گۆرانیەکەی پێ دەست پێ دەکا بەڵام بەشە هۆنراوەکانی تر بۆ پارچەکانی تری ئاوازەکە هەرگۆرانی بێژە بەبیرکردنەوەی خۆی هۆنراوەی بۆ دەهێنێ : وەك بڵێین بەشی دووەم ئەم گۆرانیە دەڵێ :
شەوان من ئەنوم
بەتاسەتەوە
بۆن ئەنێم بەبۆن
هەناسەتەوە . . . هتد



لەم تێنوارینە ئەوەی بەپێویستی دەزانم کەبیخەمە روو ئەوەیە : بۆ ئەوەی گۆرانی کوردی لە قەوارەیەکی ئاوازدا نەمێنێتەوەو یەك شێواز بەسەریدا نەسەپێ پێویستە هەموو لایەکی گۆرانیەك لێك بدرێتەوە پێش ئەوەی کەپێشکەش جەماوەر بکرێ بەتایبەتی لە :

١ – بەرهەمی هونەری تازە ٢ – کارکردن لەگەڵ فۆلکلۆر

ئەم بیرکردنەوەش پێویستی بە یەك گرتنێکی زانستی یانە هەیە لە میانەی (ئاواز دانەرو شاعیرو گۆرانی بێژو دابەشکەرو ئامادەکەری ئاوازو ئەو مۆسیقا ژەنانەی لێی ئەدەنو دەرهێنەری مۆسیقا تەنانەت کۆرسیش) ئەمانەو تێکەڵ بوونی ئەم بەرهەمانە لە هەستی جەماوەردا . . هەر بۆیە پێوستە لێرەدا چەند پرسیارێك بخەمە بەرچاوی هەموو ئەو خاوەن پسپۆرانەی کە خەریکی کاری هونەری مۆسیقان بۆ ئەوەی پتر بتوانین بەشێوەیەکی زانستیانە گۆرانی کوردیمان بخەینە ناوکۆمەڵەوە م لەو پرسیارانەش :

١ – ئایا بە کام گۆرانیە دەوترێ گۆرانی کوردی رەسەن ؟
٢ – ئاوازی کوردی چۆنە ؟ ئاوازدانەری کوردی چی پێویستە ؟
٣ – گۆرانی بێژی کوردی کامەیەو مەرجەکانی چی یە ؟
٤ – مۆسیقاژەنی کوردی دەبێ چی لێبدات ؟
٥ – (هۆنراوەی گۆرانی) کامەیە ؟
٦ – کام ئامێرانە پێویستە لە ئاوازی کوردیدا بەکار بهێنرێ ؟

ئەمانەو چەندەها پرسیاری ترکە هەریەکەیان لەو بروایەدام پێویستی بەلێك دانەوەو روونکردنەوەیەکی تایبەتی یە .